

ڕەعد حەموودی بۆ زەنگ:
خۆشحاڵ دەبم گەر یارییە نێودەوڵەتییەکان لە کوردستانیش ئەنجام بدرێت
ل٧

مەلەوانگەکەی کفری یەک دلۆپ ئاوی تێدا نیە
ل٥



١٠٠ خێزان لەکەلار ناویان بۆ دەنگدانی پەرلەمان
ل٣


# زەنگ

www.zengkurd.net

یەکەمین هەفتەنامەی ئازادە لە مێژووی ڕۆژنامەوانیی گەرمیاندا

هەفتەنامەیەکی گشتیی ئازادە لە گەرمیان دەردەچێت

خاوەن ئیمتیاز: سامان گەرمیانی
سەرنووسەر: سامان کەریم
جێگری سەرنووسەر: فاتیح سەلام
بەڕێوەبەری نووسین: نیشتمان بێنەوا

ساڵی چوارەم ژمارە (١٣٠)
دووشەممە
١٥-٦-٢٠٠٩ز
بەرامبەر ٢٥ -٣- ٢٧٠٩ ك

دوو ڕۆژنامەیە لە ڕۆژنامەیەکدا | ٢٥٠ دینارە


## هەڵۆ ئیبراهیم ئەحمەد کاندیدی سەرۆکی هەرێمی کوردستان:

# یەکەم کارم وەک سەرۆکی هەرێم، سەردانیکردنی گەرمیانە

## ویستم لەناو یەکێتیدا گۆڕانکاری بکەم، بەڵام نەمتوانی

**زەنگ-تایبەت:**
**هەڵۆ ئیبراهیم ئەحمەد سەرۆکی لیستی (پێشکەوتن) و کاندیدی ئەو لیستە بۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەڵێت:"ئەگەر ببمە سەرۆکی هەرێم یەکەم کارم سەردانیکردنی ناوچەی گەرمیان دەبێت، چونکە زۆر پشتگوێخراوە و تا ئێستا سەرۆکی هەرێم سەردانی نەکردوە".**

لە بەشێکی گفتوگۆیەکیدا لەگەڵ (زەنگ)، دکتۆر هەڵۆ برایم ئەحمەد رایدەگەیەنێت ئەو دروشمانەی لەبەرنامەی لیستەکەیاندا بەرزیان کردوەتەوە کاتیان بۆ جێبەجێکردنی داناوە و لەو ڕووەوە دەڵێت:"ئەگەر لەماوەی شەش مانگدا نەمانتوانی بەڵێنەکانمان بۆ خەڵک جێبەجێ بکەین، ئەوا دەست لەکار دەکێشینەوە و کورسییەکانمان بەجێ دەهێڵین".

ناوبراو ئەو دەنگۆیانە بە پروپاگەندەی ناحەزانی لیستەکەی دەزانێت کە باس لەوە دەکات پێکهێنانی لیست لەلایەن هەڵۆی برایم ئەحمەدەوە گەمەیەکی یەکێتی بێت. هەروەها ئاماژە بەوەش دەکات کە ئەو ویستویەتی لەناو یەکێتیدا گۆڕانکاری بکات، بەڵام ڕێی پێنەدراوە و بزووتنەوەی (یەکبوون)یشی لەناو یەکێتیدا بۆ هەمان مەبەست پێکهێناوە، کەچی هەر نەیتوانیوە گۆڕانکاری بکات.

لەبارەی پەیوەندی ئەو بە ئەندامانی بنەماڵەکەی و پشتگیری ئەوان بۆی، دکتۆر هەڵۆ دەڵێت:"لەخێزانەکەمدا تەنها دایکم پشتگیریم دەکات و پەیوەندی لەگەڵمدا باشە، لەگەڵ زۆربەی ئەندامانی بنەماڵەکەم پەیوەندیم نەماوە، ئەوان دژی جیابونەوەمن لە یەکێتی و بەشداریکردنی سەربەخۆی ئێمەن لە هەڵبژاردنەکاندا".

هەڵۆ ئیبراهیم ئەحمەد کاندیدی لیستی (پێشکەوتن)ە بۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستان و یەکێکە لەو پێنج کەسەی ڕکابەری بارزانی دەکەن لەو پۆستەدا، پێی وایە کە دەبێت سەرۆکایەتی هەرێم بێ جیاوازی سەردانی هەموو ناوچەکانی کوردستان بکات، هەروەها لیژنەی تایبەت پێکبهێنێت بۆ داواکارییەکانی هاوڵاتیان و لێکۆڵینەوە لەگەڵ ئەو بەرپرسانەی گەندەڵی دەکەن. هەروەها وتیشی:"ئەگەر ببمە سەرۆکی هەرێم یەکەم کارم سەردانی گەرمیان دەکەم".

**لەلاپەڕە ٤دا دەقی گفتوگۆکە بڵاوکراوەتەوە**



لەناو خێزانەکەمدا تەنها دایکم پشتگیریم دەکات

## ئاسایشی خۆراک لە گەرمیان هەڕەشەی لەسەرە

**زەنگ-تایبەت:**
**پسپۆڕێکی بواری ئابووری لەکوردستان دەڵێت:"بێکاری و نەبوونی هەلی کار و بەدخۆراکی لەگەرمیاندا هۆکارە بۆ نەبوونی ئاسایشی خۆراک لەو ناوچەیەدا و بەگشتیش ئاسایشی خۆراکی کوردستان لەژێر هەڕەشەدایە".**

بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی پرۆگرامی خۆراکی جیهانی (WFP)کە لە کۆتایی مانگی ڕابردودا بڵاویکردوەتەوە، سلێمانی یەکێکە لەو چوار پارێزگایەی عێراق کە ئاسایشی خۆراکی تیادا نییە. بەگوێرەی لێدوانی موسا محەمەد پسپۆڕی بواری ئابوری لە کوردستان "مەبەست لە پارێزگای سلێمانی ناوچەی گەرمیانە زیاترە، نەک ناو شاری سلێمانی".

موسا محەمەد ئاماژە بەوە دەکات کە لەناوچەکانی گەرمیاندا نادادوەری ئابوری و نەبوونی هەلی کار ، هۆکارن بۆ دروستبوونی ئەو بەدخۆراکییە.

وتیشی:"ئێمە سەرپەرشتی توێژینەوەیەکی زانستیمان لەناحیەی (شۆڕش)ی لای چەمچەماڵ کرد بۆمان دەرکەوت ژنان و کچانی ئەو ناوچەیە لە ئاستێکی نزمی داهات و خۆراکدان".

موسا محەمەد ئاماژەی بەوەشدا کە ئاسایشی خۆراک لە کوردستاندا لەمەترسیدایە و لەو ڕووەشەوە وتی:"٥٠%ی ئەو ماددانەشی دێنە کوردستانەوە یان بەسەرچوون، یان پێکهاتەکانیان باش نین. هەروەها ئێستا لە کوردستاندا ٧٠ ملیۆن دۆنم زەوی کشتوکاڵی هەیە، کەچی ٥٠٠-٦٠٠ هەزار دۆنمی بەرهەمهێنانی هەیە، ئەگەر سنورەکانمان لێ دابخرێت، مەترسییەکە زیاتر دەبێتەوە".

**لەلاپەڕە ٢دا ڕاپۆرتێک بڵاوکراوەتەوە**

## مەهاباد قەرەداغی:

# پێویستە هەژاری لەکوردستاندا بنبڕ بکرێت



**زەنگ-تایبەت**
**مەهاباد قەرەداغی دەڵێت:"پێویستە لەماوەیەکی کەمدا هەژاری لەکوردستاندا بنبڕ بکرێت، کە هەژاریش بنبڕ کرا، مانای ئەوەیە نەخوێندەواریش و نەخۆشی و ناخۆشیش بنبڕ دەکرێت".**

لەوتارێکی تایبەتیدا کە بۆ (زەنگ)ی نوسیوە، نووسەر و ڕوناکبیر مەهاباد قەرەداغی رایدەگەیەنێت کە نەتەوە بە نەوتەوە دەوڵەمەندە و دەبێت ئاستی بژێویشی بڵند بێتەوە. مەهاباد ئاماژە بەوە دەکات کە سیاسەتی وڵات بە ئەسپەکانی شەترەنج دەچێت، ئابوری وڵاتیش قەڵاکانێتی، ئەسپی سیاسەت ئەگەر قەڵایەکی قایمی ئابوری لەپشتەوە نەبێت، بەرگە ناگرێت و شکست دەخوات. قەڵای ئابوریش پێویستی بە ئەسپی بەهێزی سیاسەتە.

مەهاباد قەرەداغی کە ئێستا لەهەولێر دادەنیشێت و سەرنوسەری ڕۆژنامەی (بارزان)ە، ناردنی نەوتی کوردستان بەهەنگاوێکی باش دەزانێت و دەڵێت:"لەگەڵ ئەم هەنگاوە گرنگەدا، پێویستە چاوەڕوانی هەموارکردنەوەی سیاسەتیش بین، بەئاراستەی گەشەسەندێک کە پێشکەوتنخوازان کورد و دۆستانی کورد، بە ژن و پیاوەوە، بە گەنج و پیرەوە بەهیوایەوەن. هەنگاو بە ئاراستەی بەدەوڵەتبوون و سەربەخۆیی".

**لەلاپەڕە ٦دا وتارەکەی مەهاباد قەرەداغی بڵاوکراوەتەوە**

## ٩٤٠ پێشینە دراوەتە هاووڵاتیان

# ٤٠٠ کەس لەگەرمیان ناوی بۆ حەجی ئەمساڵ هاتوەتەوە

**زەنگ-نووسینگەی کەلار:**
**بەڕێوەبەری بانکی کەلار دەڵێت:"بە ڕێنماییەکی تازە لە بەڕێوبەرایەتی حەج و عەمرەی گەرمیانەوە هاتووە ٣٠٠ ـ ٤٠٠ حاجی لە گەرمیان ناویان بۆ حەج هاتوەتەوە دەبێت سێ ملیۆن و شەش سەد هەزار دینار لە بانک دانێن بۆ ئەو مەبەستە".**

هیوا محەمەد بەڕێوەبەری بانکی کەلار ڕایگەیاند ئەو پارەیە دەبێت هەموو حاجیەکانی گەرمیان لە بانکی کەلار دایبنێن لە هەرسێ قەزاکانی کەلار و کفری و دەربەندیخان ئەوەیش بۆ ئەوەیە ئەو بڕە پارە ئامادەبێت بۆ کاتی سەفەر کردن بۆ حەج. لە لایەکی تریشەوە بەڕێوەبەرەکەی بانکی کەلار وتیشی:"لەو ماوەیەدا کە ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری ئەوەی داوە پێشینە بدرێتە هاووڵاتیان واتا سولفەی عەقار (٩٤٠) هاووڵاتی ئەو پێشینەیان لە بانکی کەلار وەرگرتووە".

## سوپای عێراق گەمارۆی ئاواییەکانی قەرەتەپە دەدات

**زەنگ-کفری- هەردی جەمال**
**لیوای ٢ ی سوپای عێراق و هێزەکانی ئەمەریکی بەهاوکاری پۆلیسی گەرمیان هەڵمەتێکی سەربازیان بۆئاواییەکانی دەوروبەری قەرەتەپە بەردەوامە.**

نایب خلیفە خلیل لێپرساوی کۆمیتەی قەرەتەپەی یەکێتی وتی:"ڕۆژی شەممە لیوای ٢ ی سوپای عێراق و هێزەکانی ئەمەریکی بەهاوکاری پۆلیسی گەرمیان هەڵمەتێکی سەربازیان بۆ ئاواییەکانی خزێفە و عومەرمەندان و چەند ئاواییەکی تری سنورەکە ئەنجامداوە بەوەی چەکدارە توندڕەوەکان لە سنورەکە خۆیان حەشارداوە".

# لە کەلار، کارەبا چەند کەسێک دەکوژێت

**زەنگ-نووسینگەی کەلار-بڕیارمحەمەد**

**لەماوەی هەفتەیەکدا ژمارەیەک هاووڵاتی لەسنوری قەزای کەلار بەهۆی تەزووی کارەباوە گیان لەدەست دەدەن.**

سەرچاوەیەک لەپۆلیسی نەخۆشخانەی گشتی کەلار وتی:"ئەم هەفتەیە دوو کەس بەمردوویی هێنرایە نەخۆشخانەی گشتی کەلار و کەسێکیش کە دۆخی تەندروستی زۆر خراپ بوو بەمەبەستی چارەسەرکردن گەیەنراوەتە نەخۆشخانە کە ئەویش بەهۆی کارەباوە کەوتبووە دۆخێکی خراپەوە".

سەرچاوەکە ناهۆشیاری هاووڵاتیانی بۆ دەستکاریکردنی کارەبا بە هۆکار زانی بۆ ڕوودانی ئەو کارەساتانە.